# کارەساتی بێسلانی ئۆستیتا لە نێوان چارەسەر و کۆتایدا

ئاسۆ شێخ خالد قەرەداغی
ئەڵەمانیا ٢٠٠٤/٩/٨

زۆر جار ڕووداوێکی نەفرەتلێکراوی ترسناك دێتە پێش ، وەك ئەو دارە وایە هەردوو سەری ئاگری گرتبێت ، کارەساتی خوێناوی شاری بێسلانی ئۆستیتای داماو لەمجۆرە بوو ، ئیرهابیە خوێنرێژەکان بە ناوی سەربەخۆیی گەلی چیچانی ستەمدیدەوە و بە عەقڵیەتێکی دواکەوتووە ، قسەیان دەکرد. دەیانویست بە نامەشروعترین و نایاسایترین و نا مرۆڤانەترین ڕێگا ، گوایە ئامانجێکی پیرۆز بهێننەدی!! زیاد لە هەزار ژن و منداڵ و خەڵکی بێ تاوانیان لە قوتابخانەیەکدا کردە بارمتە و سەرمایەی سەربەخۆیی و ئازادی گەل و وڵاتی چیچان! دەکرێت لەم گۆشە نیگایانەوە ، بۆچوون بەرامبەر ئەو کارەساتە خوێناویە دەربڕێت:

١- حکومەتی بۆتین لەگەڵ گفتی خۆی و دنیای ئازاددا ڕاستگۆنەبوو ، زانیاریەکانی بە تەواوی دەرنەخست و ئەو بەڵێنەی دابووی ، گوایە: پاراستنی گیانی بارمتەکانی مەبەستە ، وا دەرنەچوو ، هەڵوێستی پێچەوانەی ئەو ڕەئیانە بوو کە دەربارەی ئیرهابیەکانی عیراق دەری دەبڕی و بە هێزی بەرگری دادەنان! و کەچی بۆخۆی ئاکامێکی تراژیدیای بە ئەنجام گەیاند.

٢- ئیرهابیەکانی بێسلان لە ژێر پەردەی خەباتی نەتەوایەتی و سەربەخۆی گەل و وڵاتی چیچان هەڵوێستەکەیان خستە ڕوو ، ئەمە لە کاتێکدا هیچ مرۆڤێکی دڵسۆز و عەقلیەت کراوە ، نایسەلمێنیت بە هۆی کاری نامرۆڤانەوە مافی ڕەوای میللەتێکی ژێر دەستە و خاك داگیرکراو بێتەدی.

٣- لە وردبوونەوە و چوونە قولایی هەموو ئەوکارە ئیرهابیانەی لە دونیای ((ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا))دا ڕوویانداوە دەستی مرۆڤی عەرەبی تیا بووە ، یاخود لە ژێر کاریگەری عەقڵیەتی پاشکەوتووی دوور لە شارستانیەتی عەرەبیەوە ئەنجامدراوە. ئەوەتا لەو (٢٦) ئیرهابیەی کوژران ، (١٠) ئیرهابیان عەرەبن.

٤- ولێ لەگەڵ ئاکامی تراژیدیای ئەو کارەساتە خوێناویەی (٣٢٢) مرۆڤی بێ تاوانی تیا چوو ، لە ناویاندا (١٥٥) جگەرگۆشەی ڕۆح سووکی هەست فریشتەیی ... خۆزیا ئەو قوربانیانە ، ئاوا بە خت و خۆڕای نەدرایە ، بەڵام ، مساوەمە نەکردن و چاو نەپۆشین لە کار و هەڵوێستی ئەو ئیرهابیانە ... بە هەڵوێستێکی چاکی مێژووی تۆمار دەکرێت. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و ژیانی ئازادی و دیموکراتی لە مەترسی دوور دەخاتەوە و ئیرهابیەکانی دنیا دەکاتە پەند و ڕیسوای زەمانە شیان دەکات!! مساوەمە نەکردن تەنیا هۆیە بۆ نەمانی ئیرهاب.

****************